گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەیەکی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی

**مظفر احمد رسول**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی جوگرافیا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mudhafer.rasool@su.edu.krd

**ساسان حکمت علی**
بەشی جوگرافیا، کۆلێژی جوگرافیا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sasan.ali@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٥/٢
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/١٧
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
Special Clinics, Distance Standard, Spatail Mean, Direction of Distribution

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.09

## پوختە

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان یەکێکە  لە خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی شار و پێداویستیەکی-سەرەکی هەر مرۆڤێکیە لە ژیانی رۆژانەیدا و کۆمەڵگا مرۆییەکانیش سەرەڕای جیاوازی سیستەمی رامیاری و ئابوریيان هەوڵ بۆ دابینکردنی دەدەن، چونکە مانای تەندروستی تاك و کۆمەڵگا دەگەیەنێت و بنەمایەکی سەرەکیشە لە هۆکارەکانی پەرەپێدان ، هەروەها  پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان پێوەرەکانی تەندروستی و پێوەرەکانی پەرەپێداندا هەیە ، بەجۆرێك ئاستی تەندروستی بڕیار لەسەر ئاڕاستەی پەرەپێدان دەدات لەهەر بەشێك لەبەشەکانی جیهان ، لەبەرئەوە پەرەپێدان پێویستی بە تاکی تەندروست هەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی.ئامانجی ئەم  لێکۆڵینەوەیە، بریتییە لە شیکردنەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی و دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە. گرفتی لێکۆڵینەوە بریتیە لە نایەکسانی لە دابەشبوونی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا  لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکانی قەزاکە. گریمانەی لێکۆڵینەوە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان لە رێگە کلاسیکیەکان لە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی دابەشبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای ئامێدی و دەرئەنجامەکانیان وورد و ڕاست ترەو دەرخستەی نەخشەکانیان ئاسانترە لە ڕووی کارتۆگرافییەوە.پلانی لێکۆلینەوە لةسەربنەمای ئامانجةکان لێکۆڵینەوەکە دابەش دەکرێت بۆ سێ بەش: لە بەشی یەکەم ئاماژە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە قەزای ئامێدی کراوە، لە بەشی دووەمدا هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزاکە. لە بەشی سێیەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان.

## پێشەکی

خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان یةکێکة لە پیداویستیة سةرةکیةکانی دانیشتوان و پیویستة بؤ هةموو كةسيك فةراهةم بكريت وله دیارترینی ئەو خزمەتگوزاریانەشن کە شار پێشکەشی دانیشتوانەکەی دەکات. چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە . گرنیگدان بە خزمەتگوزارییەکانی شار و پێشخستنیشیان بنەمایەکی سەرەکییە بۆ گەشەی شارستانی و بەرپرسیاریەتیەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی جوگرافیناسان ئەمەش لەمیانەی لێکۆلینەوە لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە و ئاماژەکردن بە تواناکانی بەرەو پێشبردنیان . لەم ڕووەوە چەندین ڕێگا و شێوازی چارەسەرکاری پێشکەوتووی جیاواز بەدەرکەوتن و گەشەیانکرد، ئەو بەرەوپێشچوونەی کە بەدەرکەوت لەبەکارهێنانی ئەم شێوازە و پێوانە لە چوارچێوەی شیکردنەوەی ئاماری پێشکەوتوو لە پرۆگرامەکانی سیستەمی زانیاریی جوگرافیەکاندا(GIS)بوونە پاڵنەرێکی سەرەکی لە بەردەوامبوونی بەکارهێنانیان لەلێکدانەوەی ڕەهەندە شوێنیەکانی دابەشبوونی دیاردەکان. قەزای ئامێدی یەکێکە لە سەنتەرە شارنشینە گرنگەکانی پارێزگای دهۆك ، ژمارەی دانیشتوانی بەردەوام لە زیادبوونە ، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیش پێویستییەکی هەنووکەیی و داهاتووی بەردەوامی دانیشتوانی قەزاکەن. لەڕووی کارگێڕییەوە قەزاکە لە سەنتەری قەزاي(ئامێدی) و (5) پێنج ناحیە پێکدێت، و ڕووبەرەکەی دەگاتە (2782.48کم٢) یە. خشتەی (١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(١): ڕووبەری یەکەکارگێڕییەکانی قەزای ئامێدی (کم٢)،ورێژەکانیان 2020

| ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر/کم2 | % | ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر/کم2 | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەنتەر ئامێدی | 95.35 | 3.4 | 4 | بامەڕنێ | 240.35 | 8.6 |
| 2 | دێرەلوك | 1002.84 | 36 | 5 | سەرسەنگ | 250.94 | 9 |
| 3 | کانی ماسێ | 756.33 | 27.2 | 6 | چەمانگێ | 436.52 | 15.7 |
| ڕووبەری گشتی قەزاکە/کم2 | | | | | | 2782.48 | |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

1- خستنەڕووی قەبارە و توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و هاوشان لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان.

2- بەشداریکردنی ئەم لێکۆلینەوەیە لە بونیاتنانی توێژینەوەیەکی جێبەجیکاری لە پلاندانانی تەندروستی لە داهاتووی ئەم قەزایەدا.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە: لە شیکردنەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی، هەروەها دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە.

گرفتی لێکۆڵینەوە: بریتیە لە نایەکسانی لە دابەشبوونی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکانی قەزاکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گریمانەی لێکۆڵینەوە:

1-خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بەشێوەیەکی نارێك دابەشبوون بەسەر یەکە کارگێرییەکانی قەزای ئامێدی. هەروەها ناگونجێ لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانەکەی.

2- توانست و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەکە گونجاوە لەگەل پێوەرەکانی پلاندانانی تەندروستی جیهانی و نێوخۆیی.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک هەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی گەیشن بە ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکەیان پشتیان بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاری ئاماریش بەکار هاتووە، بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبوون و توانستەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێك ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان .

## پلانی لێکۆلینەوە:

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت کە لێکۆڵینەوەکە دابەش بکرێت بۆ سێ تەوەر: لە تەوەری یەکەم ئاماژە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە قەزای ئامێدیدا کراوە، لە تەوەری دووەمدا هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزاکە ولە تەوەری سێیەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان

### 1-1 ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

قەزای ئامێدی یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای دهۆك دەکەوێتە بەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەلاتی پارێزگاکە ، شوێنێکی ستراتیژی هەیە، ئەلقەی بەستنەوەی هەردوو ووڵاتی عێراق و تورکیایە و ژمارەیەکی زۆر لە یەکە کارگێرییەکانی پارێزگا دهۆك بەیەکەوە دەبەستێتەوە، نەخشەی (1) .لە رووی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) یەوە قەزای ئامێدی دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی

(36,42, 5 – 37,20,5) باکور و هێلی درێژی (43,49,5 – 44,36,54 ) رۆژهەڵاتی گۆی زەوی.لە ڕووی جوگرافییەوە قەزای ئامێدی،لەباکووری سنووری نێودەوڵەتی لە تورکیا جیادەکاتەوە، و لە ڕۆژهەلاتی قەزی سۆرانە و لە باشووری هەردوو قەزی ئاکرێ و شیخانة، لە رۆژئاوایشی هەردوو قەزی زاخۆ و سەنتەري قەزی دهۆکە. لە ڕووی کارگێرییەوە قەزای ئامێدی شەش یەکەی کارگێری لە خۆدەگرێت ئەوانیش ناحیەکانی {ناحیەی سەنتەر، دێرەلوك ، کانی ماسێ، بامەڕنێ ،سەرسەنگ ، چەمانگێ }.

### 2-1دابەشبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەزای ئامێدی لە ساڵی 2020

دابەشبوون بە واتای ڕێکخستنی دیاردەکان دێت، لە شوێنێکدا بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت، هەروەها دابەشبوون خاڵی دەسپێکە لە توێژکردنی دیاردە جوگرافییەکان و هەنگاوێکی پێویستیشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دیاردە جیاوازەکان (خیر،2000،ص340)، هەر لەبەر ئەمەشە کە توێژەران بەگشتی و توێژەری جوگرافی و پلاندانەران بەتایبەتی گرنگی پێدەدەن و پشتی پێدەبەستن، بەکارێکی گرنگی دادەنێن لە لێکۆڵینەوەی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکان و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونیان .خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی فەرمانگە تەندروستییەکان کە نەخۆشخانە و بنکە سەرەکی و لاوەکییەکان و نۆرینگە میللی و تایبەتیەکان و دەرمانخانەکان و تاقیگەکانی شیکاری نەخۆشی، هەروەها ئەو پزیشك و کارمەندانەی لەم ناوەندانە کاردەکەن. خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-2-1دابەشبوونی ژمارە و ڕیژەیی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان:

نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان بە یەکێك لەو دام و دەزگا گرنگانە دادەنرێن کە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینن لە کۆکردنەوەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا هاوشێوەی قوتابخانە بە یەکێك لە دەزگا گرنگەکان دادەنرێن،و پێکدێت لە ژمارەیەك پزیشك و خزمەتگوزار و داو دەرمان و ئامێری جۆراو و پێداویستی پزیشکی، کە هەموو ئەمانە بەمەبەستی پێشکەشکردنی چارەسەرو ئەنجامدانی شیکردنەوەی تاقیگەیی و هۆشداریکردنی کۆمەڵگا و دەرکردنی ڕێنماییە خۆپارێزە تەندروستیەکانن. ناوچەی لێکۆڵینەوە (2) نەخۆشخانە لەخۆ دەگرێت و کەوا (78) قەرەوێلە و لە گەڵ (25) بنکەی تەندروستی سەرەکی و لاوەکی بەجۆرێك بنکە سەرەکیەکان لە سەنتەری قەزاو ناحیەکاندا هەیە و هەرچی بنکە لاوەکیەکانە بەسەر گوندەکاندا دابەشبوونە ، لەخشتەی (2) و نەخشەی (2) بەڕوونی دەردەکەوێت، بەجۆرێك ناحیەی (دیرةلوك و کانی ماسی) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەیی (24%) هةروها ناحيةي بامةرنی بە پلەی دووةم دیت بە ڕێژەیی (20%)و هەریەکە لە ناحیەکانی سةنتةری قةزا و چەمانگێ یەك لەدوای یەك بەکەمترین ڕێژەیی (8%).


گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (1) ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك




سةرجاوة كارى تويَذةر بشت بةست بة نةخشةى دةستةى ئامارى هةريَم سالى 2020

لەخشتەکەدا تیبینی دةکةین کة نایەکسانیەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکاندا لەسەر ئاستی یەکە کارگێریەکانی قەزاکە، و لاوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی،جگە لە نارێکی لە دابەشبوونی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان بەسەر نشینگەکان (گوندەکان)،چ لەنێو یەك ناحیەدا یان لە نیوان ناحیەکانی قەزاکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


خشتەی (2): دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی 2020

| یەکە کارگێریەکان | نەخۆشخانە | ڕێژە (%) | قەرەوێلە | ڕێژە (%) | بنکەی تەندروستی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 1 | 50 | 66 | 84.61 | 2 | 8 |
| دێرەلوك | - | | - | | 6 | 24 |
| کانی ماسێ | 1 | 50 | 12 | 15.38 | 6 | 24 |
| بامەڕنێ | - | | - | | 5 | 20 |
| سەرسەنگ | - | | - | | 4 | 16 |
| چەمانگی | - | | - | | 2 | 8 |
| گشتی | 2 | 100 | 78 | 100 | 25 | 100 |

کاری توێژەران، پشت بەستن بە :1-( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك،2020). 2-( وەزارەتی تەندروستی،2020).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (2) خزمەتگوزاری نەخۆشخانە و بنكەی تەندروستی ناوچەی لێكۆلینەوە




سەرچاوە كاری توێژەر پشت بەست بە نەخشەی دەستەی ئاماری هەرێم سالی 2020

**2-2-1 دابەش بوونی ژمارەیی و رێژەیی پزیشك و پەرستار و خاوەن پیشە تەندروستیەكان:**

پزیشك، گرنگترین جۆری كادیری تەندروستیە و زۆرترین بایەخی هەیە وەك توانستێكی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە دام و دەزگا تەندروستییەكاندا، ئەویش بە دیاریكردنی كردارە پێویستەكان و بە دوا داچوونیان وەك ئەنجامدانی شیكاریی تاقیگەكان و تیشك و پشكنینی قەرەوێلەیی و هەروەها پێدانی رێنمایی چارەسەری و خۆپاراستن بۆ دووركەوتنەوە لە نەخۆشیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆرەکاندا. دابەشبوونی کارمەندانی تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان لە (47) پزیشك پێکدێت و بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوون بە سەر نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکاندا. بەجۆرێك ناوەندی قەزا(21) پزیشك لەخۆ دەگرێت بە رێژەیی (44.68%) لە کۆی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە یە، ئەمەش وایکردووە بە پلەی یەکەم بێت لە رووی ژمارەی پزیشکەکانی ناوچەکە، ئەمەش دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کە ناحیەکە نەخۆشخانەیەك و دوو بنکەی سەرەکی هەیە. ناحیەی دێرەلوك بە پلەی دووەم دێت بە رێژەیی (19.14%) هەریەك لە ناحیەکانی کانی ماسێ و سەرسەنگ بە رێژەیی (14.89%) لە پلەی سێیەم دێت.

پەرستاریش وەك یارمەتیدەر و ئاسانکاری کار و پیشەی پزیشك ئەرك و فرمانێکی گرنگ و مرۆیی پر بایەخی لەسەر شانە کە بریتیە لە چاودێری کردنی نەخۆش و پێدانی داو و دەرمان و برین پێچی و ... هتد جێگای ئاماژەیە ژمارەی پەرستیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، (196) پەرستیارە، بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر یەکە کارگێریەکان دابەشبووینە، زۆرترینیان لە ناحیەی سەنتەرە کە (70) پەرستیار لە کۆی پەرستیارانی قەزاکە، بە رێژەیی (35.71%) بەرزی ئەم رێژەیە پەیوەستە بە هەبوونی دوو بنکە ی تەندروستی و نەخۆشخایەکی گشتی ،پاشان ناحیەی دێرەلۆك دێ، بە رێژەیی (69%) و ناحیەی چەمانکی بە (2%) کەمترین رێژەیی هەیە. خشتەی(3) سەبارەت بە خاوەن پیشەی تەندروستیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان (54) خاوەن پیشەی تەندروستین، بەهەمان شێوەی کارمەندە تەندروستیەکانی تر بە شێوەیەکی نایەکسان دەبینرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرترینیان لە ناحیەی دێرەلوکە (32)، بە رێژەیی ( 59.25%) لە پاشان ناحیەی سەنتەر دێت بە رێژەیی (50%)،هەروەها کەمترین رێژەش ناحیەی چەمانگی (7.40%) وەك ئاماژەمان پێکرد بێ پلانییەکی بەرچاو هەیە لەدابەشبوونی کارمەندانی تەندردوستی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەندە بە کۆمەڵێك هۆکاريك لەوانە دووري قەزاکە لە سەنتەری دهوك و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمە جگە لە نەبوون یاخود جێبەجێنەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی شارستانیەتی لەناوچەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (3): دابەش بوونی ژمارەیی و ڕێژەیی پزیشك و پەرستار و خاوەن پیشە تەندروستیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2020

| یەکە کارگێریەکان | پزیشك | ڕێژە (%) | پەرستار | ڕێژە (%) | خاوەن پیشەی تەندروستی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 21 | 44.68 | 70 | 35.71 | 27 | 50 |
| دێرەلوك | 9 | 19.14 | 69 | 35.20 | 32 | 59.25 |
| کانی ماسێ | 7 | 14.89 | 18 | 9.18 | 5 | 9.25 |
| بامەڕنێ | 3 | 6.38 | 9 | 4.59 | 5 | 9.29 |
| سەرسەنگ | 7 | 14.89 | 26 | 13.26 | 11 | 20.37 |
| چەمانگێ | - | - | 4 | 2.04 | 4 | 7.40 |
| گشتی | 47 | 100 | 196 | 100 | 54 | 100 |

کاری توێژەران، پشت بەستن بە :

1-( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك،2020). 2-( وەزارەتی تەندروستی،2020).

**3-2-1- دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانە و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتیەکان:-**

دەرمانخانەکان کە ئەرکیان پێدان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێویستە بۆ دانیشتوان،بە بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی هەژمار دەکرێن، سەبارەت بة تاقیگەکانیش کە ئەرك و کاریان بریتیە لە شیکردنەوە و دەست نیشان کردنی جۆری نەخۆشی و دیاریکردنی نەخۆشیەکان و جۆرەکەیتی کە کار و پرۆسەی پزیشك ئاسانتر دەکات و لە ڕێگای ئەم تاقیگانەوە پزیشك دەتوانێ بڕیاری چارەسەر بدات بۆ نەخۆش و هاووڵاتی . هەرچی نۆرینگە پزیشکیەکانە جۆرێکن لە خزمەتگوزاریە تەندروستییە تایبەتییەکان ، ئەویش شانبەشانی کۆی پرۆسەی خزمەتگوزاری تەندروستی بە بەشێکی گرنگ و تەواوکەری پرۆسەکە هەژمار دەکرێت. لە ناوچەی توێژینەوە، بێ پلانیەکی ڕوون بەدی دەکرێت لە ژمارەو دابەشبوونی ئەم سێ خزمەتگوزارییە تەندروستییە، خشتەی (4) ئاماژە بە دابەشبوونی دەرمانخانەو تاقیگەو نۆرینگە تایبەتەکان دەکات، ناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها (9) دەرمانخانە لەخۆ دەگرێت یەك دەرمانخانە بەسەر هەر یەك لەناحیەکانی دێرەلوك و کانی ماسێ و بامەڕنی دابەشبوونە و هەروەها ناحیەی سەرسەنگ (2) دەرمانخانەو ناحیەی سەنتەر (4) دەرمانخانە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم شێوە دابەشبوونە بێپلانی لایەنی پەیوەندار دەخاتە ڕوو.تاقیگەكانیش ژمارەیان (12) تاقیگەیە، بەشێوەیەكی نایەكسان دابەشبوونە بەسەر یەكە كارگێڕیەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە، بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر بەرزترین ڕێژە لەخۆ دەگرێت بە ڕێژەی (33.33%) و لە پلەی دووەم هەر یەكە لە ناحیەیەكانی دێرەلوك و كانی ماسێ و سەرسەنگ دێن بە ڕێژەیی(16.66%) هەرچی تایبەتە بە نۆرینگە تایبەتەكان لەناوچەی لیكۆڵینەوە ژمارەیان (20) نۆرینگەیە ناحیەی سەنتەر (5) نۆرینگە بە ڕێژەیی (25%) هەروەە ناحیەی سەرسەنگ بە ڕێژەیی (20%) هەریەك لە ناحیەكانی دێرەلوك و كانی ماسێ و بامەڕنێ یەك لەدوای یەك بە ڕێژەیی (15% )، ناحیەی چەمانكی بە (10%) كەمترین ڕێژەیی هەیە.

خشتەی ژمارە (4): دابەش بوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانەكان و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتیە لەناوچەی لێكۆڵینەوە ساڵی 2020

| یەكە كارگێڕیەكان | دەرمانخانە | ڕێژە (%) | تاقیگە | ڕێژە (%) | نۆرینگە | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 4 | 44.44 | 4 | 33.33 | 5 | 25 |
| دێرەلوك | 1 | 11.11 | 2 | 16.66 | 3 | 15 |
| كانی ماسێ | 1 | 11.11 | 2 | 16.66 | 3 | 15 |
| بامەڕنێ | 1 | 11.11 | 1 | 8.33 | 3 | 15 |
| سەرسەنگ | 2 | 22.22 | 2 | 16.66 | 4 | 20 |
| چەمانگی | - | - | 1 | 8.33 | 2 | 10 |
| گشتی | 9 | 100 | 12 | | 20 | |

كاری توێژەران: پشت بەستن بە : 1-( بەڕیوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك،2020). 2-( وەزارەتی تەندروستی،2020).

## 3- شیكردنە وە ی تایبەتمەندی شوینی خزمە تگوزارییە تەندروستییەكان.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی جوگرافیا ئەوەیە كە پێوەری جوراوجور بەكار دەهینریت لە شیكردنەوەی دابەشبوونی دیاردەكان، كە دەكرێت زیاتر لە پێوەرێك بەكاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەكان و هەریەكێكش لەو پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندیەكی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی Mean center)، (ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution) (دووری پێوانەیی Standard Distance).تێكرایی نزیكترین هاوسێ: Average Nearest Neighbor كە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەكرێت بەكاريان بهێنین بۆ لێكۆڵینەوە لە سروشت و تایبەت مەندی دابەشبوونی بنكە تەندروستییەكانی قەزای ئامێدی.


### 1-3 ناوەندی شوێنی Mean center.

ناوەندی شوێنیی بەهەنگاوی یەكەم دادەنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەكان، لەبەر ئەوەی شوێنێكی ناوەندی دیاریدەكات كە دەكەوێتە سەنتەری توخمەكان دیاردەكە (عبدالرحمان، 2014،ص 20)،كة یەكێكە لەسادەترین پێوەرەكانی گردبوونەوە،ئامانجی دیاریكردنی چەقی ناوەندیە بۆ هەر دابەشبوونێكی شوێنیی كە جوگرافیزانان بەكاریدەهێنن لە توێژەینەوەكانی دابەشبوونی شوێنییدا بە دیاریكردنی چەقی ڕاكێشان بۆ ئەم دابەشبوونە، (السماك والعزاوی،2011،ص161)، ئەمەش لەڕێگای هەژماركردنی ناوەندی تەوەرەی (X) و تەوەرەی (Y) بۆ گشت دیاردەكان جوگرافیەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە (الشافعی،2008،ص386)، ئەم پێوەرە سوودی لێدەبینرێت بۆ پێوانەكردنی ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەكان لەماوەیەیەكی دیاریكراودا، یان بۆ بەراووركردنی نێوان دابەشبوونی توخمەكانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێكی دیاریكراودا یاخود دیاریكردنی گونجاوترین شوێن بۆ توخمیك كە پێویستە شوێنێكی ناوەندی هەبێت بۆ نموونە شوێنە بازرگانیەكان یان خزمەتگوزارییە گشتییەكان (عبدالله، 2012،ص32).

بەجێبەجێكردنی تەكنیكی ناوەندی شوێنیی (**Mean center** ) لەچوارچێوەی پرۆگرامەكانی ( **Arc Gis**) لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەكانی قەزای ئامێدی كە دەرئەنجامەكەی لە نەخشەی (3) دا دەردەكەوێت، گونجاوترین شوێن بۆ دەست نیشان كردنی تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەكان لە قەزای ئامێدی بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەكەوێت: كەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگەوارییە تەندروستیەكان لە قەزای ئامێدی دەكەوێتە باكووری رۆژئاوای سەنتەری ئامێدی ، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەوا ناوچەكە شوێنی كێشكردنی سەرەكی دەنوێنێ بۆ دابەشبوونەكان، یاخود سەنتەری گردبوونەوەكانە، هەڵكەوتنی ناوەندی شوێنیی بنكە تەندروستییەكان قەزای ئامێدی لەم شوێنەدا تةنها پەیوەندی بەوە نیە كة ئامێدی سەنتەری قةزاكة یە، چونكە شوێنی سەنتەری ئامێدی شوێنێكی ناوەندییە كە تەكنیكە بەكارهێنراوەكە دیاریكردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی(3): ناوەندی شوێنی و ئاڕاستەی دابەشبوون و دووری پێوانەیی خزمةتگوزارییة تەندروستییەکان لة ناوچەی لێکۆلینەوە سالی 202




کاري تويژةر لة جوارجيَوةي برِؤکرامي.( ArcGis.v.10.6)

**2-3-ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution).**

تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون هەڵدەستێ بەپێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان یاخوود توخمەکانی دیاردەیەك، کە دەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بڵاو بونەتەوە، لە ڕێگای وێنەکێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بەمەش ئاراستەی شێوە هێلکەییەکە ئاماژەیە بە ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتە خۆی (داود،2014،ص273) خشتەی (5 ) نەخشەی (3) تایبەتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان قەزای ئامێدی بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان قەزای ئامێدی کە شێوەیەکی هێلکەیی دریژکۆڵەی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە لار بوونەوەیەکی زۆر کەم بەرەو باشوور، پلەی سووراوەی (115) پلەیە، بەشێوەیەك (60,7%)ی خاڵی بنکە تەندروستیەکانی گرتووەتە،و ئاڕاستەی بڵابوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراون بوونی قەزاکە و بلاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرنەگرتووە کە ئەمەش کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانن ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست جێبەجێ بکەن.هەروەها بنکە تەندرستییەکان بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکەدا بڵاو نەبووەتەوە.

خشتەی (5) ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای ئامێدی 2020

| بەهای تەوەرەکانی ئاڕاستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی بنکە تەندروستییەژکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| بەهای X(م) | بەهای Y (م) | پلەی سوورانەوە | 60.7 |
| 2220 | 906 | 115 | |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

### 3-3-دووری پێوانەیی (Standard Distance).

دووری پێوانەیی یەکێکە لەپێوەرەکانی گردبوونەوە و بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ماوەی چڕبوونەوە و بڵاوبوونەوەی توخمەکانی دیاردەیەك لە یەکە ڕووبەرێکی دیاریکراودا. ئەمەش بە پشتبەستن بە ماوەی جیاکەرەوەی نێوان ڕەگەزەکانی دیاردەکە و ناوەندە شوێنیەکەیان، دەکرێت لەسەر نەخشە بنوێنرێت بەکێشانی بازنەیەك کە سەنتەرەکەی ناوەندە شوێنیەکەیەتی، هەروەها نیوە تیرەکەشی یەکسانە بە دووری پێوانەیی. لە ڕاستیدا ئەم بازنەیە (60.7%) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە و جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە (عبداللة و حسن ، 2008، ص106)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای جێبەجێ کردنی تەکنیکی دووریی پێوانەیی لە تەکنیکی (Standard Distance) لە ژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic Distributions)و(Spatial Statistics Tools) ، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاني قەزای ئامێدی وەک لە خشتەی (6) و نەخشەی ( 3) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاری بنکە تەندروستییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی نا سروشتی دەچێت، شێوازێکی لێك نزیکی وەرگرتووە، هەروەها دابەشبوونی خزمەگوزارییەکان شێوەیەکی چڕی وەرنەگرتووە.بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیی کەیان، کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتیەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستییەکان کەوتوونەتە ناو یەك دووری پێوانەییەوە بریتییە لە (60.7%).

خشتەی (6) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی لە قەزای ئامێدی دا ساڵی 2020

| گۆڕاوەکان | دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەك دووری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| قەزای ئامێدی | 1877 | 60.7 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

### 4-3- هاوکۆلکەیی نزیکترین دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

پەیوەندی هاوسێیەتی یەکێکە لە گرنگترین ڕێگا ئامارییەکان بۆ دۆزینەوەی سروشتی دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافییەکان، کە دەکرێت لە ڕێگایەوە پلەی ڕێکی و هەڕەمەکی دیاردەکانی پێ بپێورێت لە یەکە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوەی دووری ڕاستەقینەی جیاکەرەوە لەنێوان توخمەکانی دیاردەکەو و ڕێژەی تێکراکەی بەرامبەر به تێکرایی دووری پێشبینکراوی نێوان دیاردەکان لەشێوازی هەرەمەکیدا (الصالح، 2000، ص 27)، نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە. بەجۆرێك نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(0.1 – 0.5) لەیەك نزیکی نارێك، و(0.6 – 0.9) لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێ. وە (1.1 – 1.9) شێوازێکی لە یەك دوور، هەروەها (2– 2.149) شێوازێکی ڕێك و پێك دەنوێنێ (داود، 2000، ص228)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتە (7)، و شێوەی (1) شێوازی دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکانی قەزای ئامێدی دەنوێنن تێبینی ئەوە دەکەین  کە نرخی پلەی پێوەری (Z-Score)، (3.09) بوو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (2.58) Critical Value تا 2.58 واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان شێوازێکی هەرەمەکییەو و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەرەمەکی وە ئاستی باوەڕپێکردن گریمانەکە (0.01) بە واتای( 1 % )ئەگەری هەڵە  بۆ قبوڵ نەکردنی راستی گریمانەکە هەیە هەروەها نرخی بەهای شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی گەیشتۆتە(1.31) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لەیەك دوورە، هۆکارەکەشی بەندە بەوەی کە بەشێك لەم بنکە تەندروستیانە پێویستیان بە پسپۆرییە جیاوازەکانی یەکتری هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لەلایەك ولەلایەکی تر کاریگەری دەبێت لەسەر دابەزینی ئاستی کارایی وەزیفی ئەم بنکە تەندروستییانە لە جێبەجێکردنی پێشکەشکردنی ئەرکەکانیان.


خشتەی (7): دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی بنکە تەندروستیەکان لە قەزای ئامێدی ساڵی2020 .

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەر پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1.31 | 3.09 | 0.01 | پەسەند نەکراو | شێوازێکی لە یەك دوور |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی  پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.6**).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیوةی (1) شیکردنةوةی نزیکی هاوسیَیةتی بو خزمةتگوزاریة تەندروستییەکان لة ناوچەی لێکۆلینەوە سالی 202




کاری تویَذةر بشت بةست بة بةرنامةی GIS بةشی Nearset Neighbor

## 4-هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە

هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هۆکاریکە بۆ دەرخستنی توانای خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەهەر ناوچەیەکدا، هەروەها دەبێتە مایەی بەرچاو روونی بۆ بەرپرسان ئایا خزمەتگوزارییەکان لەچ ئاستێکدایە. ئةمة جگة لةوةی کة بنەمایەکی سەرەکی دەرخستنی توانستی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت.توێژینەوە زانستییەکان بە مەبەستی پێوانەکردنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێوەری جیاواز بەکاردەهێنن، و ئێمەش لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمان پێوەری وەزیفیمان پەیڕەو کردووە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی ئەم خزمەتگوزارییە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-4- پێوەری ژمارەی دانیشتوان بۆ پزیشك :**

یەکێکە لە پێوەرەکانی پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە دەکرێت بەکاری بهێنین وەکو پێوەرێکی زانستی بۆ دیاری کردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە. ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (١٠٠٠) کەس لە دانیشتوان (١)پزیشك دیاری کراوە ((صفر، 2015، ص322)). لە کاتی بەراووردکردنی تێکڕایی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ئامیدی بۆ هەر پزیشکێك. بەگوێرەی پێوەری عێراقی،لە خشتە (8).

بەسەرنجدان لە خشتەی خوارەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا ناوچەی لێکۆڵینەوە هەژارە لە ڕووی ژمارەی پزیشکی پێویست بەمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاکە، بەجۆرێك پێویستیان بە (94) پزیشکی تر هەیە بە پێی پێوەری عێراقی. هەروەها لەڕووی پێوەری ناوبراو شايستةية ناحيە، ناحیەی سةنتةری قەزاکةیە بەگوێرەی پێوەر (575) کەسە بۆ هةر پزیشکێکە، نزمترین ناحیەی دێرەلوکە کەوا (7051) کەسە، . ئةمةش مانای ئةمةية نارێکی زۆر پێوە دیارە هۆکاری ئەم نارێکییە، دەگەڕێتەوە بۆ جێ بەجێ نەکردنی پێوەرەکانی بلاندان.

خشتە (8): تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2020

| یەکە کارگێرییەکان | ژ. دانیشتوان | ژمارەی پزیشك | تێکرایی دانیشتوان/ پزیشك | کەمی پزیشک (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 12,090 | 21 | 575 | + |
| دێرەلوك | 63,463 | 9 | 7051 | 54 |
| کانی ماسێ | 12,896 | 7 | 1842 | 6 |
| بامەڕنێ | 9,602 | 3 | 3200 | 6 |
| سەرسەنگ | 29,167 | 7 | 4166 | 22 |
| چەمانگێ | 6,725 | - | 6725 | 6 |
| گشتی | **133,943** | 47 | 2849 | 94 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- 2 - پێوەری ژمارەی پەرستار بۆ پزیشك:**

پێوەری پەرستیار بۆ پزیشك، بە هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت، لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەگوێرەی پێوەری جیهانی (3) پەرستیار بەرامبەر(١) پزیشکە(الدليمي،2009،ص157)، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (4) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، (صفر،2015، ص459) خشتەی (5).

خشتەی (9): تێکرایی ژمارەی پەرستیار بەرامبەر بەپزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2020

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی پزیشك | ژمارەی پەرستیار | پەرستیار/ پزیشك | کەمی پەرستیار (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 21 | 70 | 3.3 | 14 |
| دێرەلوك | 9 | 69 | 7.6 | + |
| کانی ماسێ | 7 | 18 | 2.5 | 10 |
| بامەڕنێ | 3 | 9 | 3 | 12 |
| سەرسەنگ | 7 | 26 | 3.7 | 2 |
| چەمانگێ | - | 4 | 4 | - |
| گشتی | 47 | 196 | 4.1 | 38 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

لە خشتەی ژمارە(9) بۆمان دەردەکەوێت کەم وکورپییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی پەرستیارەکان بە سەر بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکانی قەزاکە، گشت یەکە کارگێریەکانی قەزاکە ژمارەی پەرستیاریان کەمە بەراوورد بە تێکرای ژمارەی پەرستیاران بۆ هەردکتۆرێک، یەکە کارگێرییەکانی ناوچەکە بە پێی ژمارەی دکتۆرەکانی پێویستییان بە پەرستیار هەیە، بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر (14) پەرستیاری هەیە هەریەکە لە ناحیەکانی بامەڕنی و کانی ماسێ یەك لەدوای یەك (12 – 10) پەرستیاریان هەیەهەروەها بە پێی پێوەری عێراقی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە پێویستی بە (38) پەرستیاری تر هەیە بۆ کوی گشتی پزیشکەکانی قەزاکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-4 پێوەری خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك:

خاوەن پیشە تەندروستییەكان بەشیكی گرنگی كەرتی تەندروستین و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان. جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەكان هەر (٣) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشكێك داناوە(سلمان، 2007،ص 273)،. خشتەی (10)

خشتەی (١٠): تێكرایی ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێكۆڵینەوە 2020

| یەكە كارگێرییەكان | ژمارەی پزیشك | ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی | خاوەن پیشەی تەندروستی / پزیشك | كەمی خاوەن پیشەی تەندروستی پزیشك (النقص) |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 21 | 27 | 1.2 | 36 |
| دێرەلوك | 9 | 32 | 3.5 | + |
| كانی ماسێ | 7 | 5 | 0.7 | 16 |
| بامەڕنێ | 3 | 5 | 1.6 | 4 |
| سەرسەنگ | 7 | 11 | 1.5 | 10 |
| چەمانگی | - | 4 | 4 | + |
| گشتی | 47 | 54 | 1.1 | 66 |

كاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

بەسەیركردنی خشتەی (10) بؤمان رووندةبيتةوة كة نا هاوسەنگییەكی بەرچاو دا هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەكان لە یەكە كارگێرییەكان قەزاكە، بەجۆرێك ناحیەی كانی ماسێ و تێكرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك تەنها (0.7)، تێكڕای گشتی خاوەن پیشە تەندروستییەكان لە سەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكانی قەزاكە بە پێی ژمارەی پزیشكەكان وبەپێی پێوەری كار پێكراو لە عێراق (1.1) خاوەن پیشەی تەندروستییە، ئەمەش كەمترە لە پێوەری دیاری كراو. یەكە كارگێرییەكان ناوچەكە پێویستیان بە (66) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە بە پێی ژمارەی دكتۆر لە یەكە كارگێرییەكان بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر (36) و كانی مسێ (16) هەریەكە لە ناحیەكانی سەرسەنگ و بامەڕنێ كە یەك لەدوای یەك (4-10) خاوەن پیشەی تەندروستی هةیە. لەوەی

سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ناوچەی لێکۆلینەوە لەسەر ئاستی ناحیەو قەزادا نارێکیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی و کاریگەری لەسەر توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروست دەکات ، کە نەتوانن بەشێوەیەکی باش و ڕێکوپێك چاودێری نەخۆشەکان بکەن. ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی فەرمانبەری خاوەن پیشەی تەندروستی هەیە لە دامودەزگا تەندروستییەکاند.

**4-4-پێوەری دانیشتوان بۆ دەرمانخانە:**

دەرمانخانەکان بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستین لە ڕێگەیەوە داودەرمانی پێویست بۆ نەخۆش دابین دەکرێت. بە پێی پێوەرە نێوخۆییەکان هەر دەرمانخانەیەک بۆ (٢٠٠٠٠) ((الکبیسی،2009، ص79).)کەس لە دانیشتوان دیاری کراوە. جێگای ئاماژەیە ناوچەی لیکۆڵینەوە (10) پێنج دەرمانخانە لە خۆ دەگرێت ،خشتەی (١١).

بەسەیرکردنی خشتەی (11) تێبینی دەکرێت کەوا یەکە کارگێڕیەکانی ناوچەکە، لەڕووی پێوەری ناوبراو گونجاون،جگە لە ناحیەی دێرەلوك نەبێت تیکریی دانیشتوان بۆ دەرمانخانە (63463) بەجۆرێك ناحیەی سەنتەری قەزا (4) دەرمانخانە هەیە تێکرایی بەرامبەر دانیشتوان بۆ دەرمانخانە (3022) هەریەکە لەناحیەکانی کانی ماسێ و بامەڕنێ (1) دەرمانخانە، تێکرایی دانیشتوان بەرامبەر دەرمانخانە (12896 -9602).

خشتەی (١١): تێکرایی دەرمانحانەکان بۆ دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2020.

| یەکە کارگێرییەکان | ژ. دانیشتوان | ژ.دەرمانخانە | تێکرایی دانیشتوان/ دەرمانخانە |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 12,090 | 4 | 3022 |
| دێرەلوك | 63,463 | 1 | 63463 |
| کانی ماسێ | 12,896 | 1 | 12896 |
| بامەڕنێ | 9,602 | 1 | 9602 |
| سەرسەنگ | 29,167 | 2 | 14583 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| چەمانگی | 6,725 | - | - |
| گشتی | 133,943 | 9 | 14882 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

### 5-4-پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێلە:

پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێلە بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت، ژمارەی قەرەوێلە گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لەهەر دامەزراوەیەکی تەندروستیدا و گۆراوێکە جۆری خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستیەکان و قەبارەیان پێ دیاریدەکرێت، لە پێشەکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گونجاو بۆ دانیشتوان< بە پشت بەستن بە پێوەری عێراقی، کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دانراوە، یەك قەرویڵە بۆ (200) کەسە.(وزارة التخطيط، 1977، ص56).

خشتةي (12): تێکرایی دەرمانخانەکان بۆ دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی2020.

| یەکە کارگێرییەکان | ژ. دانیشتوان | ژ. قەرەوێلە | تێکرایی دانیشتوان/ قەرەوێلە |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 12,090 | 66 | 183 |
| دێرەلوك | 63,463 | | |
| کانی ماسێ | 12,896 | 12 | 1074 |
| بامەڕنێ | 9,602 | | |
| سەرسەنگ | 29,167 | | |
| چەمانگی | 6,725 | | |
| گشتی | 133,943 | 78 | 1717 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (2).

بەسەیرکردنی خشتەی (12) تێبی دەکةین کەوا ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی پێوەری ناوبراو لەسەر ئاستی ناحیە وقەزادا، کەم وکوڕیەکی زۆری تیدا بەدی دەکرێت، بەجۆرێك لەسەر ئاستی یةکة کارگیریةکان ناحیەی (کاني ماسي) کەمترین ئاستی تۆمار کردووە، کە بۆ یەك قەرەوێلە بەرامبەر (1074)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسە. سوودمەنترین ناحیەش، ناحیەی (سەنتەری ناحیەی)، کە بۆ یەك قەرەوێلە (183) کەسە. هەروەها لەسەر ئاستی قەزادا. ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی پێوەری پێوەری عێراقی زۆر شایستە نییە، چونکە بۆ یەك قەرەوێلە (1717) کەسە. بەمەش ناهاوسەنگی بەدەردەکەوێت لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قەرەوێلەکانی نەخۆشخانەکاندا کە کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان بۆ دانیشتوانی قەزاکە. هەر بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی قەرەوێلە هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەشێوەیەکی تەندروست پێشکەش بە دانیشتوا.

## ئەنجام:

1- ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی پێک دێت لە (2)نەخۆشخانە و( 25) بنکەی تەندروستی و(47) پزیشگی گشتی و پسپۆری تایبەتی و(196) پەرستیار و (54) خاوەن پیشەی تەندروستی ،کە بەسەر تەوای نەخۆشخانە وبنکە تەندروستیەکاندا دابەشبوونە، وهەروەها (9) دەرمانخانە و (12) تاقیگە لە خۆ دەگرێت. جێگای ئاماژەیە ئەم پێکهاتەیە توانای پێشکەش کردنی شیاوترین خزمەتگوزاری نییە بۆ دانیشتوانی قەزاکە.

2- بەچێبەجێکردنی پێوەرەکانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی لە بەرنامەکانی سستمی زانیارییە جوگرافییەکانArcGIS .v.10,6 دەرکەوت کە ناوەندی شوێنجێیەتی لە قەزاکە دەکەوێتە باکووری روزئاوای سەنتەری ئامیدی ، وئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوەی هێلکەیی(115) یە وناگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دانیشتوانی قەزاکە ئەمەش نەرێنییە، ودووری پێوانەیی ناسروشتییە بە تەرزی لێک نزیک (60.7٪)،ئەمەش بە خاڵی لاوازی پلاندانان هەژماردەکرێت، وهاوکۆڵکەی نزیکی(دراوسێیەتی) لە شیوازی لێکدووره ( باری پەسەندنەکراو- 1.31)، وبرِی Z score= 3.09 بوو. ئەمانەش بەڵگەن لەسەر نارێکی لە دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکان وپزیشک وکارمەندانی تەندروستی لەقەزاکە.

3- ناوچەی لێکۆڵینەوە هەژارە لە ڕووی ژمارەی پزیشکی پێویست بەمەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاکە، بەجۆرێك پێویستیان بە (94) پزیشکی تر

هەیە بە پێی پێوەری عێراقی. هەروەها لەڕووی پێوەری ناوبراو شایسترین ناحیە، ناحیەی ناوەندی قەزایە بەگوێرەی پێوەر (575) کەسە بۆ پزیشکێکە، نزمترین ناحیەی دێرەلوکە کەوا (7051) کەسە.

## ڕاسپاردەکان:

1- دامەزراندنی کارمەندی تەندروستی بەگوێرەی پێویستی بنکەکانی قەزاکە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەوا لە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی بەدی دەکرێت (بریشك ،برستیار ، خاوةن بيشةى تةندروستى).لەبەرچاو گرتنی ژمارەو و چڕی دانیشتوان و ئاراستەی فراوان بوونی رووبەری قەزاکە لە کاتی بونیاتنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا.

2- نا هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێرییەکان قەزاکە، بەجۆرێك ناحیەی کانی ماسێ و تێکرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك تەنها (0.7)، تێکڕای گشتی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە سەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بە پێی ژمارەی پزیشکەکان وبەپێی پێوەری کار پێکراو لە عێراق (1.1) خاوەن پیشەی تەندروستییە، ئەمەش کەمترە لە پێوەری دیاری کراو. یەکە کارگێرییەکان ناوچەکە پێویستیان بە (66) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە بە پێی ژمارەی دکتۆر لە یەکە کارگێرییەکان بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر (36) و کانی ماسێ (16) هەریەکە لە ناحیەکانی سەرسەنگ و بامەڕنێ کە یەك لەدوای یەك (10- 4) خاوەن پیشەی تەندروستییە.

## سەرچاوە

### بةرتوك

1-الخير، صفوح ،(2000): الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمش.
2-داود، جمعة محمد،(2014): الجيوماتكس علم المعلومات الارضية، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية.
3-الصالح، ناصر عبداللة،(2000): محمد محمود السرياني،الجغرافيا الكمية والاحصائية- اسس وتطبيقات بالاساليب الحاسوب الحديثة، مكتبة العبيكان،ط1، الرياض.
4-صفر، زين العابدين علي ،(2015): جغرافية المدن، ، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد.
5-صفر، زين العابدين علي ،(2015): تخطيط المدن اسس ومفاهيم وتطبيقات، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6-لدليمي، خلف حسين علي ،(2009): تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية اسس-معايير-تقنيات ، ط1، دار الصفاء للنشر و التوزيع ، عمان.

**ماجستير**

1-عبدالرحمن، ريدار نبيل ،(2014): التحليل المكانى و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير ، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك.

2-عبدالله، نشوان شكري، حسن ، مزكين محمد ،(2008): تحليل الخصائص المكانية والوظيفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال(GIS)، مجلة جامعة دهوك، المجلد11، العدد(2).

3-داود، جمعة محمد،(2012): اسس التحليل المكاني في ايطار نظم المعلومات الجغرافية، مكة المكرمة، الممكلكة العربية السعودية.

4-الكبيسي ، احمد محمد جهاد دليمى ،(2009):كفاءة التوزيع المكانى لمراكز الصحية العامة في مدينة الفوجة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستير،(غيرمنشورة)، كليةالاداب، جامعة الانبار.

**داتای میری**

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ،(2020): وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.

11-حکومەتی هەرێمی کوردستان ،(2020): وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.

12-حكومة العراق،(1977):وزارة التخطيط.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Spatial Analysis of Services in the District of Amide

**Mudhafar ahmed rasool**
Department of Geography, College of Art, University of Sallahadin, Erbil, Kurdistan region, Iraq
mudhafer.rasool@su.edu.krd

**Sasan Hikmat Ali**
Department of Geography, College of Art, University of Sallahadin, Erbil, Kurdistan region, Iraq
sasan.ali@su.edu.krd

***Keywords:*** Special clinics, Distance Standard, Spatail mean, Direction of Distribution

## Abstract

Health services are a group of preventive services that, if applied, avoid individuals contracting many diseases, including proper nutrition, comprehensive periodic medical examination, prevention of infectious diseases, safety, first aid, body care and maintenance for disabled and normal individuals, provision of prosthetic devices and tools for persons with disabilities and treatment services, and health services are considered One of the concerns that countries give a lot of their care and attention due to their great impact on caring for human health, caring for them and preserving them, and working to create their experiences and positive influence on their habits, behavior and information so that the level of their health and performance can be raised in many levels that are closely related to their health and the preservation of their bodies, It is also considered one of the important community services in the city and the district, because it provides basic medical services that the residents of this district need, and most cities, including the study area, face a number of problems and challenges, represented in the poor distribution of public services in general and health in particular, as well as their centralization Cities and non-observance of planning standards in To Distribute it in line with the population increase, urbanization, and the needs of the population from these services. Therefore, the importance of the study and its goal to study the health situation in the district of Amide and measure its efficiency in relation to the requirements of the population

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

was evident through the results of the study that there is a clear lack in the volume and distribution of services provided to the population of the district in the district center Amide and this lack of its existence, but also the result of the failure of the planning vision and the absence of future plans that take into account the increase in the size of the population of the district through the natural growth of the judiciary.

---

**ملخص:**

تعد الخدمات الصحية إحدى الخدمات الأساسية في المدن و مطلب رئيسي لأي فرد في حياته اليومية، إذ يحاول المجتمعات الانسانية تأمنيها رغم اختلاف منظومتهم السياسية و الإقتصادية، لأنها مرتبط بصحة الفرد والمجتمع، و ركيزة أساسية للتنمية، كما أن هناك صلة وثيقة بينهما أي بين معايير الصحة و معايير التنمية، إذ يوجه المستوى الصحي مستوى التنمية في أقطار العالم لأن التنمية تحتاج إلى فرد صحي لتأدية النشاطات. تهدف هذه الدراسة إلى تحليل توزيع الخدمات الصحية في قضاء آميدي و إظهار مستوى الإمكانيات مقارنة بسكان المنطقة. فرضية الدراسة منظومة المعلومات الجغرافية أكثر دقة من الطرق القديمة لتحديد و تحليل توزيع الخدمات الصحية في قضاء آميدي، إذ الأولى أي منظومة المعلومات الجغرافية أسهل خرائطياً و أكثر دقة و صحة من ناحية إظهار الخرائط.

خطة الدراسة إنطلاقاً من أهداف الدراسة، اقتضت مادة الدراسة أن تكون في ثلاثة فصول، في الفصل الأول عرفنا منطقة الدراسة وتوزيع الخدمات في القضاء آميدي. في الفصل الثاني حللنا مناطق الخدمات الصحية في القضاء، و أما في الفصل الثالث فقد قيّمنا الإمكانيات الوظيفية للخدمات الصحية